هۆشیار زێباری: پێم وایە نزیکین لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم

هۆشیار زێباری، ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند: بەم زووانە کۆبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەست پێ دەکاتەوە و دەڵێت: کە بەیەکەوە دەبین، بەهێزتر دەبین.

یەکشەممە 18ـی ئایاری 2025، هۆشیار زێباری، ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پانێلێکی کۆڕبەندی دەڤفی-سلێمانی ڕایگەیاند: چەندین کۆبوونەوەیان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و گوتی: لەگەڵ قوباد تاڵەبانی و برادەرانی دیکەش، کۆبوونەوەکان ئەرێنی بوون و هەوڵ دەدەین هەرچی زووە کابینەی نوێی حکوومەت پێک بهێنین.

هۆشیار زێباری دەڵێت: ئەوە ڕاستییە و ناگۆڕێت کە بەیەکەوە بین، بەهێزتر دەبین لەبەرچاوی هاوڕێکانمان، هەروەها پێگەیەکی باشترمان دەبێت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دراوسێکانیشمان.

ئەو ئەندامەی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد، دۆخی هەرێمی کوردستان هەستیارە و گوتی: پێم وایە نزیکین لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام هێشتا تەواو نەبووە و بەم زوانە دەست بە گفتوگۆکان دەکەینەوە.